# ئەمەش بە دەردی ئەوانی تر مەبەن

**بەڕێز باساکی**

ئەوەی زۆر ئاشکرایە لای هەموان ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاکانی دوای ڕاپەڕینەوە دەسەلاتی کوردی قۆرخ کردنی هەمو ئیمتیازاتە مادیەکان بە مافێکی ڕەوای خۆی ئەزانێت، چونکە لە دیدی ئەواندا تێکۆشەرانی ولات و بەدیهێنەرانی ئازادی ئەوانن و ئیتر کاتی ئەوە هاتوە ئەمانیش بەری ڕەنج و ماندوبونی چەند سالەیان بخۆن، بۆیە بە مافی خۆیان ئەزانی کە لەسەردەمی ئازادیدا ئەوان وەك زۆرینەی خەلك بەشدار نەبن لە هەلگوشینی سکی برسیان و پەیداکردنی ئەو نانەدا کە چوبوە قورگی شێرەوە، سروشتی مرۆڤیش وایە کە بەکەم ڕازی نەبێت بۆیە پاش ئەوەی هەریەکەیان دەیان کۆشك و ئوتومبیلیان گۆڕی و ولات نەما لە ئەوروپاو ئەمریکا بۆ گەشت سەری پیادا نەکەن، کەوتنە پێشبڕکێ لە ژنهێنان و ئەوەش تێری نەکردن پەیوەندی سێکسی و غەرامی لەگەل ئەو کچانەشدا زیادیکرد کە بە کچیان دەشێن ! !

هەمو ئەمانەو زۆری تر ئەو ئیمتیازە مادیانەن کە ماوەیەکی زۆر لێی مەحروم بون وبە پەلە قەرەبوی ئەو هەمو سالە پڕناکامیەیان دایەوە، ئیدی گەڕان بە دوای پایە مەعنەویەکاندا دەستی پێکرد، لەبەر ئەوەی تێکۆشان و خەمی میللەت بواری نەدابو زۆرێکیان خوێندنی بالا تەواو بکەن، زانکۆ ئەهلیەکانی کوردستان ئەو باوەشە گەرمە بوو کە ئامێزی بۆ هەموان –تەنانەت ئەوانەش کە خوێندنی ئامادەیشیان تەواو نەکردبو– کردەوە.

خوێندنیش تەواو ... کە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی پارەی چاك و پلە و پایە و شەهادە و ژنی جوان و (جەواری)ئیدی بە دوای سەروەریەکدا دەگەڕێت کە هەتا هەتایە بە نەمری بیهێلێتەوە !!، ئەمەش لەڕێی ئەو سیفاتانەوە دەبێت کە حیزب و تێکۆشەرانی ناو حیزب بە بالایاندا دەبڕن ... دەتوانم بلێم تاکە زاراوەیەك کە دوای ڕاپەڕین هێشتا پیرۆزی خۆی لە دەست نەداوە زاراوەی (شەهیدە)پاش ئەوەی پیرۆزی زاراوەکانی (خەبات، تێکۆشان، شۆڕش، پێشمەرگە)لەسەر دەستی خودی شۆڕشگێڕەکان لە چالنرا ! !

ئێستا وا خەریکە چەمکی (شەهیدیش)بە دەردی هەمو چەمکە پیرۆزەکانی دی دەچێت ... ئەوەندە بەسە بەرپرس یان سەر بە چینی دەسەلاتدار بیت بۆ ئەوەی کالای شەهیدی ببڕێ بە بالاتدا، ئیدی ئەوە گرنگ نیە چۆن و بە چی دەمریت ! هەر بۆیەش ئەوەی بە کارەساتی ئوتومبیل دەمرێ و ئەوەی لە هۆلی کۆبونەوەکان و ئەویش کە لە سەفەری هەندەراندا کۆچ دەکات دواجار نازناوی (سەرکردەی شەهید و، وەزیری شەهید ودیپلۆماسی شەهید)ی پێ دەبڕێ، هەندێ جار لەوەش تێپەڕ ئەکات و ئەم ئیمتیازە خێزان و کوڕ و کچی سەرکردەکانیش دەگرێتەوە !!، ئەگەر حال بەو شێوەیە بڕوا من وا زەن ئەکەم لە دوارۆژدا بە زەحمەت شەهیدی کوردایەتی لەو شەهیدە جیا بکرێتەوە کە حیزب وەك مەکرەمەیەکی دوای ڕاپەڕین پێی بەخشیوە، ئەمەش جگە لەوەی شێواندنی مێژووە بەرز ڕانەگرتنی پلەی شەهیدەکانە.

لە دوای جیابونەوەی دەسەلاتی ینك و پدك، دەزگای شەهیدانی ینك لە دەستپێشکەریەکدا پاکسازی لە لیستی شەهیدەکانیدا کردوتەنها ئەوانەی بە شەهید ناسی کە لە سەنگەری بەرگریکردن لە کورد و کوردستاندا گیانیان لە دەستدا بو، ئەمانەشی ناونا (شەهیدی سەنگەر).

بەلای منەوە جێی خۆیەتی کە سەرکردایەتی یەکێتی و دەزگا ئیعلامیەکەی و (بە هەمان شێوە سەرجەم حیزبەکانی تر)پەڕۆیەك لەو هەنگاوەی دەزگای شەهیدانیان بدڕن و چیتر ئەوانی دی بە شەهید ناونەبەن تا ئەو تاکە پیرۆزیەی سەردەمی شاخیش (واتە شەهیدی)نەبێتە جێی گومانی نەوەکانی ئەمڕۆو ئایندە.

سلێمانی ٢٠٠٢/٩/٣



www.kurdistannet.org